# چالاکیەکانی ڕێکخراوی دەرەوە بە بۆنەی یەکی ئایار
# ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار لەدەرەوە

## بەرەو یەکڕیزی جیهانیمان

## بەرەو کۆتاییهێنان بە جەنگەکان و برسێتی و هەژاری

## چالاکیەکانی ئایار لە نەرویج

**١-ئۆسلۆ:**
ڕۆژی یەکی ئایار، کاتژمێر ١١:٤٥ دەقیقە لە گۆڕەپانی یونگستۆرگەت، گۆڕەپانی کرێکاران، سەرەتا کۆبوونەوە جەماوەرییەکە دەستی پێکرد. دروشمی سەرەکی لەمساڵدا بریتی بوو لە: (داکۆکی لە مافی خەڵك بکەن، کوشتاری غەززە ڕابگرن، دەوڵەتی فەڵەستین بە ڕەسمی بناسن)، لە پاڵ چەندین دروشمی تردا لە چەشنی (چەپڵە وەسڵەکانمان بۆ نادات، خەبات لە دژی گرانی هەر ئێستا، نا بۆ زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی، پاڵمان پێوەمەنێن بەرەو کەمئەندام بوون، دژی هەموو جۆرە ڕەگەزپەرستییەك بوەستنەوە.....).
لە کۆبوونەوەکەدا سرودی ئەنتەرناسیۆنال گۆڕەپانەکەی داگیرکرد و بەشێکی بەرچاو لەگەڵ تیمەکەدا ئەیانووتەوە. شایانی وتنە کە بەپێی ئاماری ڕێکخراوی کۆنفیدراسیۆنی ئیتحادیە کرێکاریەکان ژمارەی بەشداروبووانی ئەمساڵ لە ئۆسلۆدا زیاد لە ١٠٠٠٠ (دە هەزار) کەس بووە.
شایانی وتنە هاوڕێیانێك لە حیزبی ئێمەش بە تراکتەکانی حزبەوە بەشدار بوون، بە دروشمەکانی: (بەسیەتی هەژاری و برسێتی، بەسیەتی جەنگ و میلیتاریزم، یەکی ئایار ڕەمزی خەباتی چینی کرێکارە بۆ خەبات بۆ دنیایەکی باشتر، کار و ژیانی شایستە بە یەکسانی بۆ هەمووان). هەروەها دەیان نوسخە لە بەیانی ڕێکخراوی دەرەوە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە.
دوای کۆبوونەوەکە، ڕێپیوان وەك نەریتێکی ساڵانە دەستی پێکرد و بە ناو شاردا بە وتنەوەی دروشمەوە بەردەوام بوو.
لینکی لایڤی ئایاری ئۆسلۆ:
https://www.facebook.com/jamal.mohsin.75/videos/1013512613528155

وتنەوەی سرودی ئەنتەرناسیۆنال:
https://www.facebook.com/jamal.mohsin.75/videos/449342777652537

**٢. فرێدریکستاد:**
لە شاری فرێدریکستاد لە مەیدانی تۆڵ بود پڵاسێنوە ڕێپێوان دەستی پێکرد بە ئامادەبونی کۆنفیدراسیۆنی ئیتحادیە کرێکارییەکان (LO ) و چەند حزب و ڕێکخراوەیەک. هاوڕێیانی حزبیش لە فرێدریکستاد بە پلاکارتی خۆیانەوە بەشدار بون، وە بەیانی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بڵاوکرایەوە. . هەندێک هاوڕێ و دۆستیش لە پاڵ ئێمەوە بەشداری ڕێپێوانەکەیان کرد .هەر حزب و ڕێکخراوە دروشم و داواکاری خۆی هەبوو. هەر لە بارەی مەسەلەی گرانی، گرانی کارەبا، مەسەلەی فەلەستین ....هتد. یەکێک لە بەدیل کە وەک شیعارێکی کرێکاری و سۆسیالیستی دەبیسترا کە هەندێک گەنج دەیانووتەوە داوای هەر ئێستا کۆمەڵگەی سۆسیالیزمیان دەووتەوە.
هاوڕێیانی خۆمان بەشدار بوون بە پلاکارتی دروشمەکانی ڕێکخراوی دەرەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە. خەڵکێکی زۆر سەرنجیان چووە سەر دروشمەکانمان و لایان پەسەند بوو. شایانی وتنە ڕێپێوانەکە لە مەیدانی Stortovet تەواو بوو.



















## ڕێکخستنەکانی حزب لە ئەڵمانیا ئایاریان بەرز ڕاگرت

ڕۆژی یەکی ئایار کۆمیتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە دووشاری ئەڵمانیا یادی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکارانی بەرز ڕاگرت.

**١-شاری کارلسرووە:**

بەشداری لە ڕێپیوانی جەماوەری و دانانی مێزکتێب و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حزب و فیدراسیۆن و ڕێکخراوی دەرەوە بەزمانی ئەڵمانی.

**٢-شاری کۆڵن:**

هاوڕێیانی حزب لە شاری کۆلن بەشداریانکرد لە ڕێپیوانی جەماوەری بە لافیتەی حزب، شایەنی باسە نزیکەی دەهەزار خەڵک بەشدار بوون لەو ڕێپێوانەدا هاوڕێیانی حزب سەرباری دانانی خێمەیەک کە نزیکەی حەوت سەعات بەردەوامی هەبوو، لافیتەی گەورە بە خیمەکەوە بە زمانی ئەڵمانی بەدروشمی تایبەت هەڵواسرابوو، هەروەها دانانی مێزکتێب هاوکات بەیاننامەی حزب و فیدراسیۆن و ڕێکخراوی دەرەوە بەزمانی ئەڵمان، لەنێو بەشدار بواندا بەرفراوانی بڵاو کرایەوە.












## بەشداری ڕێکخستنی هەردوو حزب لەڕێپیوانی ئایار لە سوید

بژی یەکی ئایار ڕۆژی نارەزایەتی جیهانی چینی کرێکار لەدژی نیزامی سەرمایەداری

بەشداری بەرچاو و چالاکانەی هەردوو ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وە ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە مارشی ئایاری شاری ستۆکهۆڵم لە سوید، کە هەزاران کەس بەشداری تێدا کرد. سەرەتا بە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورە لە مەیدانی میدبۆریەپلاتسن دەستی پێکرد پاشان بەرێپێوان بەرەو ناوەندی شار کۆتاییهات لە مەیدانی کونگستریگۆردن، ڕێپێوانەکە پڕبوو لە درووشمی پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی وە لە دژی نیزامی سەرمایەداری و شەڕ و میلیتاریزم.

ڕێکخستنەکانی حزب بەدروشمی تایبەت بەشداریان لەم ڕێپێوانە نارەزایەتیەدا کرد.










## ئایارێکی جیاواز لە فنلەند !

یەکی ئایاری ئەمساڵ لە هێلسینکی پایتەختی فینلاند، بە بەشداری نزیکەی ١٠ هەزار کەس ئەنجامدرا، کە ڕێژەیەکی زۆر زیاترە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو. مارشێکی فراوان بە ناوەڕاستی شاردا ڕێیکرد و کۆمەڵێک دروشمی دژ بە سیاسەتی لیگرتنەوە و برسیکردنی خەڵکی لەلایەن دەسەڵاتی ڕاستڕاوەوە لە خۆ گرتبوو، شایەنی باسە ڕێکخراوی فینلاندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە لافیتەیەک کە دروشمی **"تەنها چینی کرێکار دەتوانێت کۆمەڵگایەکی باشتر بنیات بنێت!"** نوسرابوو، هەروەها بە وێنەی مارکس و پەرچەمی سوور و ئارمی حزب، بەشداری مارشەکەیان کرد.. شایەنی باسە دروشمەکە کە وێنەی مارکسی لەسەر بوو بوە جێگای سەرنجی ئامادەبوان.








## بەسیەتی برسێتی و نەداری، بەسیەتی جەنگ و میلیتاریزم!
## چالاکیەکانی حزب لە بەریتانیا

بەریتانیا - لەندەن:

رۆژی چوارشەمە ١ی ئایار٢٠٢٤ لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی یەکی ئایار کە هەموو ساڵێک لەلایەن یەکیتی کرێکاریی بەریتانیاوە پشتیوانی دەکرێت، رێپێوانێکی نارەزایەتی رێکخرا . سەرەتایی نارەزایەتیەکە لەبەردەم کتێبخانەی کارڵ مارکس لە فارنگتنەوە خۆپیشاندەارن وەک هەموو ساڵێک کۆبوونەوە، پاشان وتاربێژانی چەند یەکێتی کرێکاریی و هەڵسوڕاوی سیاسی وتاریاندا .

رێکخستنی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق لەم رێپیوانە نارەزایەتیەدا بەشداریانکرد و بەیانی هەردوو حزب بەزمانی ئینگلیزی عەرەبی بڵاوکردوە.، هاوکات لەسەرەتایی کۆبوونەوەکەدا بە پێی بریارێکی پێشتر لەگەڵ کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاریی ئێران کە لەسەرەتای خرۆشانی نارەزایەتیەکانی ژنان و کرێکارانی ئێرانەوە لە پەرلەمانی بەریتانیا دامەزراوە، هاورێیانی رێکخستنەکانی حزب لەدەوری هەڵسوراوانی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاریی ئێران کۆبوونەوەو هەر لەوێ سەرباری خوێندنەوەی بەیانی کۆمیتەکە لەسەر هەلومەرجی بزووتنەوەی کرێکاریی و ژنان لە ئێران، وتاری کۆمیتەکەیان دا، هاوکات چەند دروشمی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران و دژ بە ئیعدامات وترایەوە.

لەگەل دەستپیکردنی مارشەکەدا بەسرودی ئەنتەرناسیونال سەرجەم لایەنە سیاسەیەکان و نوێنەرانی یەکێتی کرێکاریەکان هاوشان بە کۆمیتەی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئیران بە دروشمی  تایبەت بەسیەتی برسێتی و نەداری بەسیەتی جەنگ و میلیتاریزم  و چەند دروشمی تر رێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق لە مارشی ئایاردا بەشداریانکرد، هەروەها پلاکارت بەزمانی ئینگلیزی و وێنەی مارکسەوە لەلایەن حزبەوە بەرزکرابۆوە.

شایەنی باسە لەم چالاکیەدا ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی حزب لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن چاوپێکەوتنیان کرد.

ئێوارەی هەمان رۆژ رێکخستنەکانی هەردوو حزب بەشداری چالاکانەیان کرد لە پشتیوانی لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی کە لەلایەن فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و رێکخراوی سەراسەری پەنابەرانی ئیرانی بە پشتیوانی لەگەڵ دەیان یەکێتی کرێکاریی و ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا جۆن مکدۆنێل رێکخراوبوو بەشداری چالاکانەیانکردن دژ بە دیپۆرتی پەنابەران بۆ رواندا.

























## ١ی ئایار لە تۆرنتۆ/کەنەدا

چالاکی ڕێکخستنی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ١ی ئایارەوە.

بە بۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارەوە ڕۆژی ٤ ی ئایار ٢٠٢٤ گردبوونەوە و ڕێپێوانێک ڕێکخرا لە ناو شاری تۆرنتۆ. ئایار لەلایەن کۆمیتەی ١ی ئایارەوە کە پێکهاتبوو لە چەندین یەکێتی کرێکاری و ڕێکخراووگروپ وحزب ودەستەی کۆمۆنیستی و چەپ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەک لایەنێکی ئەم کۆمیتەیە بەشدار بوو لەم چالاکیەدا، بە هەڵکردنی لافیتەی حزب و لافیتەی تر کە شیعار وداواکاری وخواستە کرێکاری وجەماوەریەکانی پەیوەست بەمساڵ ولەلایەن حزبی ککک یەوە دیاریکرابوو لە سەر نووسرابوو. جگە لەهەڵکردنی چەندین ئاڵای سوور لەپاڵ ئاڵای سوری ڕێکخراوەکانی دیکە، کە کادران وئەندامان و دۆستانی حزب بەرز ڕایان گرتبوون. هەروەها کۆمیتەی کەنەدا چادری تایبەت بەخۆی هەڵدابوو ، و بە لافیتە و شیعارەکانی حزبی ککك وحزبی حیکمەتیست( خەتی رەسمی)ڕازێنرابووەوە . لەناو چادرەکەدا بڵاوکراوەی دەنگی گرێکار بەزمانی ئینگلیزی وبەیاننامە راگەیاندی حزب ودەنگی کرێکار بەزمانی ئینگلیزی داندرابوون ولەناو بەشداربواندا بڵاودەکرانەوە. لەهەمان کاتدا بەدەنگی بەرز سروودی ئەنتەرناسیۆنال و سروودە کرێکاریەکان بەدەزگای دەنگی تێدا لێدەدەرا. هاوڕێیانی حزب توانیان چەندین پەیوەندی لەگەڵ ڕابەرانی کرێکاری کەنەدایی وکەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست بۆ دەنگی کرێکار پەیدا بکەن.

بژی ١ی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی چینی کرێکار.










**ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٥ی ئایاری ٢٠٢٤**